کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
25-9-2007 21:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**دەستخۆش وەزارەتی ئەوقاف ... عومەر فارس محەمەد**

هەمیشە خەڵکی و لێپرسراوانیش گلەیی ئەوەمان لێدەکەن کە ئێمەی ئەهلی قەڵەم بە چرایەکەوە کەوتوینەتە دوای دەسەڵاتی کوردییەوە بۆ ئەوەی هەڵەیەك بکات و ئێمەش لێیان بکەین بەهەڵاو دونیایان لێپڕبکەین و قەت خۆمان بەوەوە ماندوو ناکەین گەر حکومەت شتێکی باشی کرد باسی بکەین، بۆیە ئەمجارە من ئەو گلەییە لەسەر خۆمان لادەبەم بە چاوی ڕێزەوە لەیەکێك لە هەنگاوەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی دەڕوانم کە لەم دوواییەدا لە ڕێی بانگەوازێکەوە بەرێوەبەرایەتی پلان دانان لە وەزارەتی ئەوقاف داوای لەو خەڵکە خێر خوازانە کردوە کە بەتەمان لە کوردستاندا مزگەوت درووست بکەن بە شێوەیەکی کاتی واز لەو بیرۆکەیە بهێنن و لە جیاتی مەزگەوت نەخۆشخانەیەك یان قوتابخانەیەك یان شوێنێکی خزمەتگوزاری تر درووست بکەن، وەك لە داواکەی بەرێوەبەرایەتی ناوبراودا هاتوە دروست کردنی ئەو شوێنە خزمەتگوزاریانە ئەگەر لە مزگەوت خێریان زیاتر نەبێت بەهیچ جۆرێك کەمتر نییە.

ئەم هەنگاوەی وەزارەتی ئەوقاف لە هەست کردن بە مەسئولیەتی نیشتمانی و نەتەوایەتییوە سەری هەڵداوە چونکە لە کاتێکدا گەڕەکی وا هەیە زیاتر لە شەش مزگەوتی تیادا دروست کراوە، کەچی هەزاران خوێنکارو قوتابی لەبەر نەبوونی قوتابخانەو خوێندنگا زیاتر لە چوار کیلۆ مەتر ڕێگە دەبڕن بۆ ئەوەی بچنە قوتابخانە یان بینای وا هەیە دوو قوتابخانەی سەرەتایی و قوتابخانەیەکی ناوەندی دەرسی تیا دەخوێنن و بە شەش گەڕەکیش بنکەیەکی تەندروستی تیا نییە.

بۆیە ناهەقی وەزارەتی ئەوقاف ناگیرێت کە فتوای ئەوە بدات خێری دروست کردنی ئەو شوێنە خزمەتگوزاریانە لە دروست کردنی مزگەوت کەمتر نیین.

ڕەنگە خەڵکانێك هەبن بۆ موزایەدەی سیاسی و بۆ ختوکەدانی هەستی خەڵك ئەم ڕێنمایانەی وەزارەتی ئەوقاف بە هەنگاوی دژە ئایین وەسف بکەن وەك چۆن خۆم لەم هەفتەیەدا لە نوێژی هەینی گوێم لە وتار بێژێك بوو ئەیقیران و ئەیوت " وەڵاهی هیچ شتێك ناگاتە خێری دروست کردنی دیواری مزگەوتێك نەك بەتەنها مزگەوتەکە ".

من ناهەقی ئەو وتار بێژە ناگرم چونکە لەوانەیە لایەنە سیاسیەکەی کە موچەی دەداتێ جگە لەو موچە ڕەسمیەی لە حکومەتی هەرێم وەری دەگرێت داوای ئەوەی لێکردبێت وەیان زۆر نەشارەزا بێت لەوەی هەندێك لەو دەوڵەمەندانەی مزگەوت درووست دەکەن تەنها لایەنی خێرخوازی لەبەر چاو ناگرن بەڵکو زیاتر بۆ سوودە مادیەکە ئەو کارە دەکەن، چونکە حکومەتی پێشووی عێراق بڕیارێکی هەیە و تیایدا هاتوە هەر کەسێك مزگەوتێك درووست بکات بۆ ماوەی دە ساڵ لە دانی باجی دەرامەت عەفوو دەکرێت، کەسانی وا هەبون بە درێژایی دامەزراندنی حکومەتی هەرێم خۆیان لە دانی باج بە حکومەت شاردبۆوە وە بۆ ئەوەی لەو باجە قورتاریان بێت دێن مزگەوتێك دروست دەکەن.

جا بۆیە من لەم بابەتەدا داوا لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و خودی وەزیری ئەوقاف جەنابی شێخی شاکەلی دەکەم کە پرۆژەی یاسایەك پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکەن بەمەبەستی بەخشینی ئەو کەسانەی نەخۆشخانە یان قوتابخانە دروست دەکەن بۆ ماوەی پانزە ساڵ لە دانی باجی دەرامەت عەفوو بکرێن، جا ئەو کات دڵنیام دەیان خەڵك دێنە پێشەوەو لە پاڵ دروست کردنی مزگەوتدا دەیان نەخۆشخانەو قوتابخانە لەلایەن خەڵکانی دەوڵەمەندەوە دروست دەکرێن لەپاڵ بەرز بوونەوەی منارەی مزگەوتەوە دەیان بینای جوان بۆ ئەو منالە چاو گەشانەی کوردستان دروست دەکرێن کە ئێستا بە هۆی نەبوونی بینای قوتابخانەوە لە خوێندن دابڕاون و دەیان بینای جوان بۆ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەخۆشخانەو شوێنی پیرەو پەککەوتەو بیری ئاوی ئیرتیوازی لە گەڕەکەکاندا لە لایەن خێر خوازانەوە دروست دەکرێن.

جا بۆ ئەوەی کەس بەم نوسینەی منەوە نان و پیاز نەخوات و وا بزانێت بەقەڵەمی کابرایەك نوسراوە دژی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، دەمەوێ پێش وەخت بۆی روون بکەمەوە کە من بەشانازیەوە لە بنەماڵەیەکی ئایین پەروەرم و شانازیش بەوەو دەکەم کە بنەماڵەکەم ئەهلی مزگەوت بوون و خۆیشم جگە لەوەی پابەندم بەهەموو فەرزەکانەوە ساڵی 2005 یش سەفەری حەجم بە نسیب بوو.

لە کۆتاییدا داوا لە وەزارەتی لە ئەوقاف دەکەم لەوبڕیارەکەیان لەبەر خاتری کەس پاشگەز نەبنەوەو ئەوەندەش مەچەکیان دەچەرخێ گرنگی بەو مزگەوتانە بدەن کە ئێستا هەن و لە هیچ خزمەتگوزارییەك بێبەشیان نەکەن.

خوای گەورەش ئاگای لە نیەتی هەموو کەسێکە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.